## نەسیحەتێک بۆ خوشکانی یەکگرتوو. . نەجوا هەولێری

بەچاوی خۆتان دەبینن نەفەسم چەند قووڵە و چۆن تەحەمولی ئەو هەموو تۆمەتانە دەکەم کە کۆلکە نوسەرە ئیسلامیەکان دەیخەنە پاڵم؟!. لەبەرچیش؟ تەنها لەبەر ئەوەی ئەو حزبەم بەجێهێشت کە ساڵانێك بەهەموو دڵێکی پاکی خۆمەوە خزمەتم کرد و لەئەنجامی کارکردندا بۆم دەرکەوت کە ئەو خزمەتە بۆ چەند بەرپرسێکە کە ئیسلامیەت بەسەر ئێمەدا دەفرۆشن و لەسەر ماندووبوونی ئێمە خۆیان دەوڵەمەند دەکەن و ئەگەر ناچاریشم بکەن دەیان ناو و بەڵگە ئاشکرا دەکەم و راپێچی دادگاشیان دەکەم، بەڵام لەبەرئەوەی ئاوی ئەم نیشتمانەم خواردوە و ماوەیەکیش بەهەموو دڵسۆزیەکەوە لەناو خوشکانی یەکگرتووی ئیسلامیدا ئیشم کردوە و جاسوسیش نەبووم هەروەك کاکە (هاوکار عەلی) کوێرانە تۆمەتبارم دەکات، ئەو برا دینیە دەیەوێت بەدەستەواژەی (من یەکگرتوو نیم) خۆی لە دەستەواژە جوانەکانی (قەحپەخانە، قوونبادان) ناو بابەتەکەی بدزێتەوە، بەڵام من وەڵامی ئەوەشی نادەمەوە و حەزیش دەکەم بەم دەستەواژە بازاریانە هەموو حەقیقەتی حیزبە ئیسلامی و نووسەرە (خوداناس) ەکانیان بناسرێن، بەو خوشکانەشم دەڵێم کە پێشتر لەناو یەکگرتوی ئیسلامی لەگەڵیان کارم دەکرد، ئا ئەمەیە رێزی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ئافرەتانی کورد، هەر کە ریزەکانیانم بەجێهێشت خێرا بە ئەندامی حزبێکی ترم دەزانن و ئەو هەموو تۆمەتە دەخەنە پاڵ ئەو حزبەی کە یەکگرتووی ئیسلامی هەرچی ماستاوە بۆ سەرۆکەکەی سارد دەکاتەوە تا لە پاشکۆی هاوپەیمانیەتی خۆیدا قبووڵی بکات و ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیش وەك پاسەوانی تایبەتی لەپشتیەوە رادەوەستێت و لەترسانا ناوێری لوتیشی بخورێنی.
خوشکە بەرێزەکانم. . من دەزانم ئێوەش وەك من دەتانەوێت لەو بارەگا گومانلێکراوانە و لە جەنگەڵستان و حوکمی بزوتنەوەی تالیبانی یەکگرتوو رزگارتان بێت، بەڵام لەژێر کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و عەقیدەی شێوێنراودا سجنیان کردوون، پێتان دەڵێم ئەمڕۆ لەسبەینێ باشترە بۆ دەرخستنی توانا و ئافرەتایەتیتان، کە یەکگرتوو بەکۆیلە و جاریە تەماشاتان دەکات.